## راگەیاندنی رۆژنامەوانی

رۆژی ٧\١١ هەموو ساڵێک بە رۆژی دانیشتووان لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکان دانراوە بە مەبەستی تیشک خستنە سەر بابەتی دانیشتووان لە چەند روویەکەوە.

لە ساڵی ٢٠١٤ بە دواوە عێراق چەندین قەیرانی کەڵەکەبووی بە خۆیەوە بینیوە کە بوونەتە هۆی گۆڕانکاری لە پرۆفایلی دیموگرافیی وڵات. چەندین گۆڕانکاریی گەورە لە سەر دانیشتوان ڕوویانداوە، لە وانە گەشەی دانیشتوان، دابەشبوون، پێکهاتەی تەمەن، بەپیتبوون، مردن، جوڵەی دانیشتوان، بەتواناکردنی ئافرەتان، هێزی کار وچەندین بابەتی تر. سەرەڕای ئەمە، پەتای کۆڤید-19 تەنانەت چەند پێشهاتێکی زیاتری لە سەر کاریگەرییەکانی دانیشتوان درووست کرد. ملمڵانێی درێژخایەن لە عێراق کاریگەریی نەرێنیی کردۆتە سەر ئاسۆی ئابووریی وڵات، بە هەرێمی کوردستانەوە.

نەبوونی سەرژمێری لە عیراق بۆ ٣٦ سال کەلێنێکی گەورەی خستۆتە سەرچاوەی گرنگی داتاکانی پلانەکان لەبەر نەبوونی نیشاندەرەکانی دیموگرافی بە ووردەکاریەکانیەوە وبۆیە، دەستەی ئامار دەبوایە رێگەی تر بگرێتە بەر بۆ دابین کردنی ئەو داتایانە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ناراستەوخۆی خەملاندنی ژمارەی دانیشتووان تاکو داتای پێویست بۆ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم بخەینە بەردەست وبتوانن بەکاری بێنن بۆ دانانی پلان وسیاستەکانی سالانەیان **و بۆ ئەم ساڵ دەستەی ئامار تیشک ئەخاتە سەر دوو بابەت جگە لە ژمارەی پێشبینی کراوی دانیشتووان بۆ هەرێم.**

**بەپێی خەملاندنی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، پێشبینی دەکرێ ژمارەی دانیشتووان لە هەرێم بگاتە ٦،٥٥٦،٧٥٢ شەش ملیۆن پێنج سەد وپەنجاو شەش هەزار وحەوت سەد وپەنجاو دوو کەس بۆ ساڵی ٢٠٢٣ کە دابەش بووە لەنێوان دوو رەگەز، نێر ٣،٢٩٦،٢٤٠ ومێ ٣،٢٦٠،٥١٤.**

**٧٨،٤% دانیشتووان شارنشین پێک دێنن و٢١،٦% گوندنشین. هەروەها، رێژەی گەشەی دانیشتووان بۆ ساڵی ٢٠٢٣ دەخەملێنرێ بە ٢%.**

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی دانیشتووان، رێژەی بە پیتبوون و کاریگەریەکانی لەسەر ژمارەی دانیشتووان. خشتەی خوارەوە نیشاندەرەکانی بە پیتبوون نیشان ئەدا بۆ هەر پارێزگایەک لە هەرێم بە پێی ئەنجامەکانی رووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر ساڵی ٢٠١٨:

نیشانده‌ره‌کانی به‌پیتبوون به پێی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، 2018

| | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | هەڵەبجە | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی بەپیتبوونی گشتی | 3.1 | 2.8 | 3.7 | 2.8 | 3.1 |
| ڕێژەی بڵاوبوونەوەی ئامرازەکانی ڕێگریکردن لە دووگیانی | 66.0 | 73.3 | 56.9 | 73.3 | 66.6 |
| - شێوازی سەردەمیانە | 24.9 | 25.3 | 27.6 | 25.3 | 25.6 |
| - شێوازی نەریتی (کولتوری) | 41.1 | 48.0 | 29.3 | 48.0 | 41.0 |
| ڕێژەی سەدیی پێویستییە دەستەبەر نەکراوەکان | 7.1 | 8.0 | 10.1 | 8.0 | 8.0 |
| ڕێژەی سەدیی بەکارهێنانی ڕێگریی دووگیانی بۆ ماوەدانان (لە نێوان منداڵەکان) | 22.9 | 22.3 | 18.5 | 22.3 | 21.9 |
| ڕێژەی سەدیی بەکارهێنانی ڕێگریی دووگیانی بۆ سنووردارکردن (ــی منداڵبوون) | 43.1 | 51.1 | 38.5 | 51.1 | 44.7 |

بابەتێکی دیکەی دانیشتووان کە کاریگەری هەبووە لەسەر پێکهاتەی دیموگرافی هەرێم، بوونی ئاوارەکان و پەنابەران و بەتایبەتی دوای ساڵی ٢٠١٤. بە پێی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM)، ژمارەی کەسانی ئاوارەی ناوخۆ (IDP) لە عێراق لە ناوەڕاستی ساڵی 2022 گەیشتۆتە 1.18 ملیون کەس. پشکی هەرێمی کوردستان لە ئاوارە ناوخۆییەکان نزیکەی 694 هەزار کەسە، واتە 52.6% ئاوارە ناوخۆییەکانی عێراق. **تایبەتمەندییەکانی خوارەوە ئاوارەناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان دەردەخەن:**

1) جیاوازییە جوگرافییەکانی ناو پارێزگاکان. داتاکان ئەوە دەردەخەن کە لە هەرێمی کوردستان بەرزترین ژمارەی ئاوارەکان لە پارێزگای دهۆکن (320 هەزار ئاوارە) کە 46% -ی ئەو ئاوارانە پێك دەهێنن کە لە هەرێمی کوردستان دەژین. هەولێر بە 233 هەزار ئاوارە لە پلەی دووەم دێت و34% -ی ئەو ئاوارانەی لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن لە خۆ دەگرێت، دوای ئەویش سلێمانی دێت کە 142 هەزار کەس لە کۆی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستانی لە خۆ گرتووە کە دەکاتە 20% لە کۆی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان.

2) بارگرانیی ئاوارە ناوخۆییەکان بەسەر دانیشتوانی خۆجێیی (ڕەسەن). ئەژمارکردنی بارگرانیی ئاوارەکان بە پێوەری ڕێژەی سەدیی ئاوارەکان لە ناو هەر پارێزگایەك، ئەوە ئاشکرا دەکات کە بە پێی داتاکانی 2020، ڕێژە سەدییەکە بە شێوەیەکی بەرچاو لە دهۆك بەرزترە (24.4%) ئینجا لە هەولێر (10.5%) ودواتر لە سلێمانی (6.2%).

ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان، 2018-2022

| | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|
| شوبات 2018 | 234,846 | 181,302 | 451,884 | 868,032 |
| شو بات 2019 | 212,562 | 150,336 | 421,650 | 784,548 |
| شوبات 2020 | 237,408 | 140,304 | 402,780 | 780,492 |
| شوبات 2021 | 231,694 | 136,496 | 330,785 | 698,975 |
| ئادار 2022 | 232,860 | 141,522 | 320,109 | 694,491 |
| ڕێژەی سەدیی دابەزین 2018-2022 | 0.8% | 21.9% | 29.2% | 20.0% |
| تێکڕای دابەزینی ساڵانە | 0.2% | 5.9% | 8.1% | 5.3% |

**دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان**

**هەولێر-٢٠٢٣\٧\١١**